



# وەرزی زستان و هاتنەوەی مۆدەی رینکۆت

بەرەو وەرزی زستان بەرِێکەوتین و ئیتر دەبێ جلەکان گۆڕانکاری و کاری تازەیان بۆ بکرێ، چونکە هەر وەرزێك پێویستی بە جۆرە جلێکی تایبەتە، بۆیە دەکرێ لە رێگەی مۆدە تازەکانی جلەکانی تایبەت بەو وەرزەوە، هەنگاوی جوانکاری لەسەر مۆدەکانی جلوبەرگ ئەنجام بدەین.

یەکێك لەو جلە تایبەتانە بریتییە لە چاکێتی درێژ بۆ خانمان، دەکرێ لەگەڵ گشت جۆرە جلێکی دیکەدا بپۆشرێن، ئەمەش وادەکات وەك جلێکی سەرەکی دابنرێ و ببێتە مۆدەیەکی تایبەت و رازاوە بۆ وەرزی زستان، سەبارەت بە رەنگەوە، مەرج نییە هەر رەنگێك بێ، بەڵام دەبێ لەگەڵ رەنگی جلەکانی دیکەوە رێك بخرێ.



# نەخش و نیگاری سەر نینۆکی پەنجە

گرنگی دانی خانمان بە جەستە، یەکێکە لە هەنگاوەکانی جوانی و ناسك بوونی شێوە، بۆیە لەسەر هەر خانمێك پێویستە ئاگاداری لایەنی جوانی و شیاوی جەستەی خۆی بێ، یەکێك لە بەشەکانی جوانی لە جەستەی خانمان، بریتییە لە نینۆکی پەنجەکان، بە تایبەت نینۆکی پەنجەی دەست، چونکە بەرچاو و زیاتر دەردەکەوێ.

لەگەڵ ئەوەی کاری بۆیە کردن هەیە لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ سوود لە دانانی نەخش و شێوە جوانەکان وەربگرین لەسەر نینۆکەکان، چونکە دیمەنێکی رازاوە و سەرنجراکێش دەبەخشێ، ئەمەش بە دوو رێگە ئەنجام دەدرێ، یەکێکیان بە رێگەی قاڵبی ئامادەکراو دەخرێتە سەر نینۆك و دەردەچێ، رێگەی دووەمیش دەبێ خانمان خۆیان نەخشێك هەڵبژێرن و کاری لەسەر بکەن.





## مۆدەکانی جەنتاکان بەپێ ڕەنگەکان



هەر ئێکسسوارێك گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە هەر کات و ساتێکدا، بۆیە دەکرێ ســوودێکی گەورەیان لێــوە وەربگرین بە تایبەت ئەگەر لە نزیکەوە کاری جوانکاریان لەسەر بکرێ، هەندێك لە ئێکسسوارەکان وەك پێداویســتییەکی ســەرەکی دادەنرێن، ئەویش بریتییە لە جەنتای دەستی خانمان.

وەرزی زستان پێویستی بە ڕەنگە تۆخەکانە بۆ ئەوەی ڕەنگی مۆدەکانی ئێکسسوارەکان بــن، لێرەدا گرنگی جەنتا لــە ڕەنگەکانییــەوە دەردەکەون، ئەم ڕەنگانە شــیاون بۆ ئێکســـواری جەنتا لە وەرزی زســـتان: (شین، سپی کاڵ، قاوەیی، ڕەساســی)، چونکە جوانی ڕەنگــەکان زیاتر دەبێتە هۆکارێك بۆ جوانی جەنتاکان.





---

## کراسی بوکێ بۆ ساڵی (٢٠١١)دا







لە تازەترین مۆدەکانی جلوبەرگ، هەرچەندە گۆڕانکاری نوێیان بەسەردا هاتووە، بۆیە هەرچەندە مۆدەکان لە کاری تازەدا بن، شێوازی دیکەی ناسکتر لەوانەی پێشوو دەردەکەوێ، لێرەدا لەگەڵ مۆدەیەکی تازەی بەدلەکانی بووك دەڕۆین کە دەبێتە یەکێك لە جوانترین مۆدەکانی جلی بووك بۆ ساڵی (٢٠١١).

ئــەم مۆدەیە هێشــتا نەکەوتۆتە بــازاڕەکان، تەنیــا کاری دیزاینی بۆ کــراوە و بۆ ئەوەی لە ســاڵی داهاتوودا خانمان بتوانن بەدەستیان بکەوێ، ئێمەش لێرەدا شــێوەی ئــەو جلە بۆ خانمان دەردەخەین، بۆ ئەوەی بتوانن ســوودی لێوە وەربگرن، ئەم مۆدەیە لە بەشی خوارەوەی زیاتر نەخشــی پێوە دەردەکەوێ و بەشــی ســەرەوەش کراوەیە و ئەمەش وادەکات کە جوانییەکی ناسك و ڕازاوەی هەبێ.




بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: ئیوان گەردی      بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504679560      Email: iwan_gardi@hotmail.com



## بێریڤانیش مرد

زنجیره دۆبلاژکراوەکان ئەوەندە کاریان لە خەڵك کردووە، جگە لەوەی ڕۆژانە گشت کار و ئیش جێدەهێڵن بۆ ئەوەی سەیری ئەو زنجیرە دۆبلاژکراوانە بکەن، کەچی وادیارە بە حاڵەت و سیناریۆی زنجیرەکانیش تێکدەچن، ڕۆژێکیان میوانێکمان هاتبوو، لە کاتێکدا وتی دەبێ بڕۆمە ماڵێ، منیش بۆ چاکە وتم دە جارێ زووە و هەندێکی دیکە بمێنن، ئەویش وتی (زنجیرەی بێریڤان هەیە و دەبێ هەر سەیری بکەم)، ئەوەی سەیرتر بێ ئەوەیە، لە کۆتایی زنجیرەکە پاڵەوانی زنجیرە بێریڤان (سبیلکان) دەکوژرێ، وادیارە کەسانێکی عاشقە بێریڤان کسپە لە جەرگیانی داوە لافیتەی پرسەیان بۆ هەڵواسیوە.



## جلوبەرگ لە

جلەکان هەر جۆرێك بەشێوەیەك کاری لەسەر دەکرێ، ئەمەش وادەکات ببێتە مۆدەیەکی جوان و ڕازاوە لە مۆدەکانی جلەکان، لەگەڵ ئەوەشدا جلوبەرگ لە قوماش یان ماددەی دیاریراو دروست دەکرێ، کەچی جۆرە جلێکی تازە دەرکەوتووە و ئەمەش دەبێتە یەکێك



## زەبەللاحترین دەم!

ئەو گەنجەی دەیبینن خاوەنی سەیرترین دەمە، کە دەکرێ ئەوەندەی (١٠) دەمی ئاسایی بێ، لێرەشدا شێوەیەکی جوان و سەیر لە خۆ دەگرێ، ئەو گەنجە لە وڵاتی ئەنگۆلیا دەژی، ناوی (فرانسیسکۆ دۆمینگۆ)، خاوەن گەورترین دەمە لە جیهان، کە دەتوانێ چەند قووتویەك بخاتە ناو دەمیەوە، ئەگەر سەیرێکی دەمەکە بکەین، دەتوانین لە دەمی بترسین کە وەك دەمی مار دەکرێتەوە و ئەمەش وادەکات کە ببێتە سەیرترین دەم لە جیهاندا.



## ناوی پەرلەمانە و دەیەوێ

دانانی ناو لە مرۆڤ، وەك پێناسەیەك بەکاردەهێنرێ بۆ ئەوەی پێی بناسرێ، ئەمەش بەگوێرەی کەس و کاری ئەو منداڵە دەبێ کە ناوزەند دەکرێ، هەر یەکە ئازادە لەوەی چ ناوێك هەڵدەبژێرێ بۆ منداڵەکانی یان هەر کەسێك، ڕێگەم کەوتە دوکانێك بانگی یەکێکیان دەکرد (پەرلەمان)، لەلام سەیر بوو و پرسیم کێیە ناوی پەرلەمانە؟

گوتیان ئەوەیە، بانگی پەرلەمانم کرد و دوای سڵاوکردن هۆی ناوی بە پەرلەمانی بەم شێوەیە بۆ باس کردم: وتی لە ساڵی ١٩٩١ لە دایك بووم، لەو کاتەی پەرلەمانی کوردستان یەکەم هەڵبژاردنی لێوە ئەنجامدرا، باوکمیش ئەو ناوەی لە من ناوە، هەست دەکەم ناوەکەم زۆر شازە و تاکە ناوە کە من هەمە، حەزیش دەکەم ناوەکەم بگۆڕم، ئەگەر نەبم بە ئەندام پەرلەمان یان حەز دەکەم لە داهاتوو ببم بە سەرۆك پەرلەمان.



# کەو بە (٥) وەرەقەیە

کەو باڵندەیەکی قەشـــەنگی نەخشـێنەری دەنوك ســووری ئازاوزۆر جوانە، کەوەکانی کوردستان لە دیمەنی رەنگینی و بەهێزییان بەناوبانگن و ئەوانیش بەپێی جۆریان نرخیان دەگۆڕێت، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە بەرزترین نرخی کەوی کوردی لە کوردستان لە ٥٠٠ دۆلار تێپەڕی نەکردووە، بەڵام کەوی بیانی تا ١٠٠٠ دۆلاریش رۆیشتووە.

**ئامادەکردنی: رەوەند بەختیار**



# درێژترین مرۆڤی جیهان

مرۆڤە جیاوازەکان لەگشـــت شـوێنێکی جیهاندا دەردەکەون، ئەمەش بەهۆی ئەو قەدوباڵایەی تیایاندا دەردەکەوێ، وەك ئەو پیاوەی دەیبینن کە بە درێژترین مرۆڤ دادەنرێ لەجیهان، ئەگەر ئەو پیاوە بێتەماڵی ئێوە دەبێ ســەری نزم بکات کاتێك لــە دەرگا و لە ژوورەوە دەڕوات، چونکە باڵای ئەوەندە درێژە سەری بە بنمیچی ماڵ دەگات.

ناوی (ســەلگان کۆسین)ە و خەڵکی وڵاتی تورکیایە، درێژی باڵای دەگاتــە (٢٤٧) ســەنتیمەتر، واتە (٢) مەتر و (٤٧) ســەنتیمەتر، ئەمەش دەگاتە دوو ئەوەندەی مرۆڤێکی ئاسایی باڵا.





# گەڵای دار

لە سەیرترین جلەکان لە جیهان.

ئەو جلــەی دەیبینن لە گــەڵای دارەکان دروســت کراوە، رەنگە لە داهاتووشدا ببێتە جلێکی گشــتی و خەڵکانێکی زۆر بیپۆشــن، ئەوەی ســەیر بێ، دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشی هەیە.


# ببێتە ئەندام پەرلەمان






**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

هەموو توانای خۆت بەکاربێنە بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارەی ماوەیەکە بەنیازی ئەنجامی بدەیت و هێشتا دەستت پێ نەکردووە، ئەو کات کارەکە زۆر ئاسان دەبێت و توانای خۆت دەردەخەی بۆ ئەوانەی گومانیان لەتواناکانت هەیە.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

زۆر بەجوانی بیر لەم قۆناغەی ئێستای ژیانت بکەوە، بەڵێن بە کەسێك مەدە کە دڵنیا نیت لەئەنجامی پێوەندی نێوانتان، ئەم ماوەیە لەهەموو کاتێك گرنگترە، بۆیە پێویستە بەشێوەیەك خۆت ئامادە بکەی کە سەرکەوتنت مسۆگەر بکات.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

لەهەندێ بریار پەشیمان دەبیتەوە و هەست دەکەی کە پەلەت کردووە، ئەم هەفتەیە لە زۆربەی بوارەکاندا گۆڕانکاری پۆزەتیڤ روو دەدەن. کەسێکی نزیك و خۆشەویستت دەیەوێت کێشەت بۆ درووست بکات، بەڵام پلانەکەی سەر ناگرێت.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

سەیری رابردووی ژیانت بکە و بەراوردی بکە لەگەڵ ئێستا، بۆت دەردەکەوێت کە ئەم ماوەیە پێوەندیەکانت وەك جاران بەهێز نین و لەهەواڵی کەسە خۆشەویستەکانت ناپرسی، وا باشترە هەمان رێچکەی رابردوو بگریتە بەر و پێوەندیەکانت بەهێزتر بکەیتەوە.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

لەوانەیە هەندێ گرفتی بچووك بێنە سەر رێگەی پێوەندی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت، کارێك بکە ئەو گرفتانە کاریگەری نەبێتە هۆی کۆتایی هێنانی پێوەندی نێوانتان، پێویستیت بە یارمەتی هاورێکانت هەیە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەگەر خۆشەویستت هەیە، ئەوا هەفتەیەکی زۆر رۆمانسی و خۆش دەبێت و زیاتر لەیەك نزیك دەبنەوە، ئەگەر خۆشەویستت نییە لەوانەیە پێوەندیەك دروست بێت لەگەڵ کەسێك کە چاوەڕوانت نەدەکرد ئەمەش زیاتر ئاسوودەتان دەکات.

**ئامادەکردنی:داریۆ**



# کچێک (٤) ناوی هەیە

ماوەیەك لەمەوبەر باسی ئەو کچەمان کرد کە بە ناوێك (٤) وێنەی کچی دانابوو، واتە تەنیا کەسێك بوو (٤) وێنەی کچی دیکەی بۆ خۆی دانابوو لە ماڵپەری فەیسبووك، کەچی وادیارە ئەو خانمە، بە پێچەوانەی ئەو کچەی پێشوو، کە هەڵساوە بە دانانی وێنەی خۆی بە (٤) ناوی جیاواز، هەر یەکە و ناوێکە، بۆیە بزانن فەیس بووك شتێکی ئەوا گەورە نییە کە ئەو دەنگۆیەی دروست کردووە و زۆربەی کەسەکان خوازراون.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان رێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی ئوتۆمبێلێکت بۆ دەرچێ.

د ئ ی ۆ

## نوکتە

**برناردشۆ (گەورە نووسەری ئیرلەندی) دەڵێ: نوکتە بچووکترین بەشی ئەدەبە!**

- کچێك بە کوڕێکی وت خۆم دەشارمەوە ئەگەر منت دۆزیەوە ئەوە ماچێکت دەدەمێ ئەگەر نەشت دۆزیمەوە ئەوا لە ژێر قاڵدرمەکەم..

## جیاوازی وێنە!

بۆ زانینی ئاستی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند جیاوازییەك لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە





| ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ■ | ■ | | | | | | ١ |
| | | | | ■ | | | ■ | | | | | ٢ |
| | | | ■ | | | | | ■ | | | | ٣ |
| | | | | ▲ | | | ▲ | | | | | ٤ |
| | ■ | ■ | | | | | | | ■ | ■ | | ٥ |
| ■ | | | | | ■ | ■ | | | | | ■ | ٦ |
| ■ | | | | | ■ | ■ | | | | | ■ | ٧ |
| | ■ | ■ | | | | | | | ■ | ■ | | ٨ |
| | | | | | | | | | | | | ٩ |
| | | | ■ | | | | | ■ | | | | ١٠ |
| | | | | ■ | | | ■ | | | | | ١١ |
| | | | | | ■ | ■ | | | | | | ١٢ |

## ئاسۆیی:

١-چیایەکی کوردستانە- چیایەکی کوردستانە.

٢-پرتە(پ)- ژمارەیەکە- چیایەکی کوردستانە.

٣- باغ- چیایەکی کوردستانە- هۆش.

٤- کودی(ت)- نیوەی دارا- شارێکی کوردستانە.

٥- بەرزترین تاقگە لە جیهان.

٦- گۆرانیبێژێکە(پ)- رووبارێکی کوردستانە(پ).

٧- شتی نوێ- پەرت(ت).

٨- شیشانی (ت).

٩- چیایەکی کوردستانە.

١٠- رووبارێکی ئەفریقییە(پ)- پلك(پ)- میوەیەکی.

١١- کچە گۆرانیبێژێکە(پ)- جاران دەیانپەرست(پ)- شە.

١٢- هەوارگەیەکی کوردستانە- جۆرە گوڵێکە(پ).

## ستوونی:

١- شاعیرێکی کوردبوو- پایتەختی وڵاتێکی ئاسیایە(پ).

٢- شاعیرێکی کوردبوو(پ)- ئێمە(پ)- ویلی(ت).

٣- چیایەکی کوردستانە- دەم وچاو- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە(پ).

٤- لۆ(پ)- زمانێکی کوردییە(پ)- نیوەی ژالە.

٥- مانگێکی کوردییە(پ).

٦- یارێزانێکی بەرازیلیە- گەڵای جگارە(پ).

٧- چیایەکی کوردستانە(پ)- کچە ئەکتەرێکی میسرییە(پ).

٨- مانگێکی کوردییە(پ).


٩- خواردنی ئاژەڵ(پ)- بەندیخانەیەکە لە فەرەنسا- دوویتی بوش.

١٠- وڵاتێکی ئەمریکیە- دوویتی دایە- پارێزگایەکی عێراقە(پ).

١١- جۆرە شیرێکە(پ)- لول- نایە(ت).


١٢- چیایەکی کوردستانە- جۆرە گوڵێکە(پ).

ئا: فەرهاد محەمەد ئاژگەیی




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەم هەفتەیە زۆربەی شتەکان بە پێچەوانەی ویستی تۆ دەبن و لەوانەیە کار بکاتە سەر داهاتووی ژیانت ئەگەر بە باشی خۆت ئامادە نەکەی، هەڵسوکەوتی یەکێك لە هاورێکانت بێزارت دەکات و لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کێشە بکەوێتە نێوانتان.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بەرگەی ناخۆشیەکان بگرە و بێ هیوا مەبە لەبەر ئەوەی ئەمە بۆ ماوەیەکی کاتییە و زوو کۆتایی پێ دێت، پێویستە کاتی زیاتر تەرخان بکەی بۆ دانیشتن لەماڵەوە و یارمەتیدانی ئەوان یەکێك لەئەرکەکانی تۆ کە پێویستە ئەنجامی بدەیت.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

خۆشەویستەکەت گلەیی ئەوەت لێدەکات کە وەك جاران نیت بەرامبەری و هەست دەکات گۆرانکاریت بەسەر هاتووە، ئەگەر بۆ وەڵامی قسەکانی بەڵگەیەك یان هۆکارێکی روونت پێ نەبێت رەنگە ببێتە هۆی ئەوەی لێت زیز بێت.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

هەوڵ بدە پارێزگاری لە باری دەروونی خۆت بکەیت لەو کاتەی تورە دەبیت و هەڵەیەك مەکە کە دواتر باجەکەی بدەیت و پەشیمان ببیتەوە. گوێ گرتن لە موزیك و وەرزش کردن هۆکارێکن کە پێویستیت پێیان هەیە و یارمەتیدەر دەبن بۆ تۆ لەژیانت دا.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

چاوت بە کەسێك دەکەوێت کە دەمێکە ئاواتەخوازی ئەوەی بیبینی، ئاگادار بە نهێنیەکانت لای هەموو کەس باس مەکە بەتایبەتی لای ئەوانەی دڵنیا نیت لەدڵسۆزیان نەوەك ببێتە هۆی ئەوەی زیان بە بەرژەوەندیەکانت بگەیەنن.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

لەماوەی رابردوودا داوای یارمەتیت لە کەسێك کردبوو، ماوەیەکە چاوەڕوانی دەکەی، ئەم هەفتەیە بەڵێنەکەی دەهێنێتە دی و ئەو شتەت پێ دەدات کە داوات کردبوو، ئەمەش نیگەرانیەکانت کەم دەکاتەوە، کەسی بەرامبەر چاوەڕوانی بەخشینی خۆشەویستی زیاتر دەکات.

hemntoni@yahoo.com

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (دزمی) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم خانانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی درەنگ)
- پیتی خانەکانی (٥+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی بەهێز بۆ تیشك و رووناکی)
- پیتی خانەکانی (٥+٢) کۆبکەیتەوە بە مانای (چۆن لە زمانی هەولێری)
- پیتی خانەکانی (١+٤+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی بووك)!

